**بینا درووستکردن لە کوردوستان، کەم وکووڕییەکان و چارەسەرکردنیان**

لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆژیایی جیاواز و تەماعی ئابووری، عێراق لە ساڵی 1980 بۆ 1988 یەکەم جەنگی کەنداوی دژی ئێران بەرپا کرد.
1990 بۆ 1991 عێراق ووڵاتی کوەیتی داگیر کرد لە جەنگی کەنداوی دووەم دا، کە بوو بە هۆی خۆهەڵقووڵتاندنی ووڵاتانی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرپا کردنی شەڕ دژی عێراق و ڕزگارکردنی ووڵاتی کوەیت لەژێر دەستی و سەپاندنی Commercial Sanction بە سەریدا، کە ئەمەش بووە هۆی قەدەغەکردنی Import and Export لەگەڵ عێراق.

لەبەر هۆکاری مرۆیی بەهۆی خراپ بوونی لەڕادەبەدەری ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی عێراق لەژێر کاریگەری حەصار دا، نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆگرامی نەوت بە خۆراکی بۆ عێراقییەکان جێبەجێ کرد کە 10 ساڵ زیاتری خایاند و هەموو 6 مانگێک تازە ئەکرایەوە، کە بەهۆیەوە عێراق ئەیتوانی بڕێک نەوتی خاو بفرۆشێت و دەرمان و خۆراکی بۆ گەلەکەی پێ بکڕێت.
لە دوای سەپاندنی Fly Free Zone بۆ باکووری عێراق، سێ شارەکەی کوردوستان [هەولێر و دهۆک و سلێمانی] گەشەکردنێکی ئابووری بەرچاوتریان بەخۆوە بینی وەک لە دوو شارەکەی تری باکووری عێراق [موصڵ و کەرکوک].

لە ساڵانی 1975 بۆ 1990 بەشێکی زۆری شارەکانی کوردوستان ڕووخێنرا بوو یان لە ڕووی بیناسازییەوە پشتگوێ خرابوو.
ڕژێمی پێشووی عێراق هەزارەها دێ ی کوردوستانی ڕووخاندبوو، خەڵکەکەشی خستبووە ناو کۆمەڵگەی زۆرەملێوە،
ساڵی 1992 لە کوردوستان هەڵبژاردن ئەنجام درا و یەکەم پەرلەمانی کوردی هەڵبژێردرا، کە تا ئەمڕۆش کارەکانی هەرێمی کوردوستان بەڕێوە ئەبات،
جێگیر کردنی ئەم پەرلەمانە هۆکارەکانی پرۆگرامی نەوت بە خۆراک بوو، کە بەشێک لە داهاتەکانی نەوتی عێراقی بۆ درووست کردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردوستان تەرخان کردبوو، کە پێویست بوو باشتر پلانڕێژ بکرابایە و جێبەجێ بکرایە.

**دۆخی بینا پێش و پاش ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆرییەت**
حکومەتی ئەوسای عێراق بۆ فەرمانبەرەکانی خانووی بە نرخی گوونجاو دەستەبەر کردبوو، کرێ ی خانووەکانیش حکومەت خۆی وەریئەگرت. ئەم خانوانە ئەتوانرا لە لایەن فەرمانبەرانەوە خۆیان دوای ماوەیەکی دوورو درێژ بکڕرێنەوە و بکرێن بە موڵکی تایبەتیان.
هاووڵاتیانی تر ئەبوایە خۆیان مشووری خۆیان بۆ خانوو درووستکردن بخواردایە، چوونکە سیستمی سۆشیاڵ لە تەواوی عێراقدا پەیرەو نەئەکرا.

کرێی خانوو لە ساڵانی 1970 داتەنها 12%ی مووچەی مانگانەی تاکە کەسی پێک ئەهێنا. ئەم ڕێژەیە پێش ڕووخاندنی ڕژێمی صەدام بەرز بۆوە بۆ نزیکەی 60%.
حکومەتی ئەوسای عێراق گرفتی کەمی خانووی لە ووڵات دا چارەسەر نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ماوەی ساڵانی 1957 بۆ 1987 بوو بوو بە دوو ئەوەندە، واتە لە 9 ملیۆن کەسەوە بوو بوو بە 18 ملیۆن.

ووڵاتی عێراق سیاسەتی خانووبەرەی لە ووڵاتدا لەبەر مەشغول بوون بە شەڕی دراوسێکانییەوە پشت گوێ خستبوو، کە بەهۆشیەوە ژێرخانی ئابووری ووڵات زۆر ڕووخاو بوو.
حکومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی 1986 بۆ 1981 نزیکەی 25000 خێزانی کوردی کەرکوکی ناچار کرد، شارەکەیان بەرەو هەرێمی کوردوستان بەجێبهێڵن.
لە شاری خانەقین 20000 خێزانی کوردی بەزۆر بەرەو ناوچەکانی ئەوتۆنۆمی ژێر دەستەڵاتی هەرێمی کوردوستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کۆچ پێکران.
حکومەتی ئەوسای عێراق پێگەی ئیداری هەندێک لە شارە کوردییەکانی بە ئارەزووی خۆی گۆڕیبوو. هەندێک لە قەزاکانی شاری کەرکوکی لە میانەی بە عەرەب کردنی شارەکەدا کە هەموویان کورد بوون خستبووە سەر هەندێک شاری تر لەوانە:
قەزای کفری خرابووە سەر شاری دیالە،
قەزای دوز خرابووە سەر شاری صلاح ألدین،
قەزای چەمچەماڵ و کەلار خرابونە سەر شاری سلێمانی و
قەزای مەخمور خرابووە سەر شاری موصڵ.

ژمارەی دانیشتوانی ئەم 5 قەزایە بەپێی ئاماری ساڵی 1957 نزیکەی 136865 کەس بوون، کە لە ساڵی 1988 دا بووبوون بە دوو ئەوەندە، واتە نزیکەی چارەکە ملیۆنێک کەس لە شاری کەرکوک بەزۆر دابڕابوون. لەوانە 140000 کەس یان بەرەو شاری سلێمانی و 100000 کەس یان بەرەو شاری هەولێر و ماوەکەشی بەرەو شاری دهۆک ڕاگواسترابوونەوە.

ئەم ژمارە زۆرە بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی بووبوونە هۆکاری کەمی بوونی خانووی نیشتەجێ بوون تیایاندا.
لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراقی ئەوسا، دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکانی ناچار کردبوو، شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن و ڕوو بکەنە شوێنانی تر، هەروەها بە پێی بڵاوکراوەکان 4500 دێ ی کوردنشینیشی ڕووخاندبوو.

دوای ڕاپەڕینی 1991، کوردوستانی عێراق [سێ شارەکە] هەندێک بووژانەوەی لە بابەت بازاڕی خانووبەرەوە بەخۆیەوە بینی. بەپێی بڵاوکراوەکان، لە کوردوستان لە نێوان ساڵانی 1991 بۆ 2003 نزیکەی 50000 خانووی نیشتەجێ بوون درووست کراون. تا کۆتایی 2004 یش نزیکەی 20000 ی تریش ئەکەوتنە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام لە دوو شارەکەی تری باکوور واتە لە موصڵ و لە کەرکوک دروست کردنی خانوو پشت گوێ خرابوو، هۆکارەکەشی حەصاری سەپێندراو بوو لەسەر عێراق، بەو پێیەی کە ئەم دوو شارە لەژێر حوکمی مەرکەزی عێراق دا بوون.

لە دوای 2003 وە سیاسەتی خانووبەرە گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەر دا هات و بە چەند هەنگاوێک جێبەجێ کرا لەوانە:
گەڕانەوە بۆ بازاڕی ئازاد و
ئاسایی کردنەوە و یەکسان کردنەوەی نرخ

لەبەر ئەوەی کە کوردوستان لە ناوچەکانی تری ژێر دەستەڵاتی ئەوسای حکومەتی عێراق زیاتر پشتگوێ خرابوو، پێویستی زیاتری بە تازەکردنەوەی ژێرخانی ئابووری هەبوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەش هەنگاوەکان لەسەر خۆ جێبەجێ ئەکران.
هەنگاوی یەکەمی سیاسەتی خانووبەرە لە کوردوستان بەوە دەستی پێکرد، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس حکومەتی کوردوستان هەوڵی دا، بوودجەیەک تەرخان بکات بۆ دروستکردنی خانوی نیشتەجێ بوون و شوێنی تایبەت. ماوەکەشی هەتاکو کۆتایی ساڵی 2005 ی بۆ دیاری کرابوو. شوێنە تایبەتەکانیش پێکهاتبوون لە چەندەها باڵەخانەی بەرز بە هەموو پێداویستییەکانیەوە لە پارک و چێشتخانە و قوتابخانە و ڕەوزەی منداڵان و پارکی سەیارە.
هەر یەکە لەم شوێنانە پێکهاتبوون لە چەندەها یەکەی نیشتەجێ بوون کە بۆ چەندەها خێزانی ئەندام جیاواز ڕەچاو کرابوون.

هەنگاوی ئاسایی کردنەوە و یەکسان کردنەوە بە دروست کردنی پرۆگرامی تایبەت بۆ بەشە جیاوازەکانی ژیان دەستی پێکرد. بۆ ئەم مەبەستە بەندەکانی یاسای خانووبەرە تا ڕادەیەکی باش جێبەجی کران و کۆنترۆڵە کردنی هەنگاوەکانی خانوو دروستکردن دەستی پێکرد.
سیاسەتی پەرەپێدانی خانوو دروستکردن بە کۆنترۆڵ کردنی نرخی مەتریاڵ و نرخی زەوی بۆ بینا دروست کردن لە سەری، دەستی پێکرد. بەم پێیەش سیاسەتی خانوو دروست کردن بەرەو پێشەوە چوو و شارەکان گەورە بوون. زەوی یە کشت وکاڵی یەکان، کە کەوتبونە ناوەڕاستی شارەکانەوە و لە نێوان خانووی نیشتەجێ بوون دا بوون و بۆ بینا دروست کردن لە سەریان ئەگوونجان، توانرا بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنرێن و لە خاوەنەکانیان بە نرخی گوونجاو بکڕرێنەوە و بەسەر هاووڵاتیان دا دابەش بکرێن. ئەم هەنگاوەش لە شارەکان دا باشتر بەدی ئەکرا وەک، لە دێهاتەکان دا.

وەک ئاشکرایە زۆرێک لە دانیشتوانی دێهاتەکان بەرەو شارەکان کۆچیان کردبوو ماوەی زیاتر لە 15 ساڵ تیایدا نیشتەجێ بووبون و گەڕانەوەیان بۆ دێهاتەکان هەروا ئاسان نییە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حکومەت پلانی گوونجاو و داڕێژراوی هەبیت بۆ گەڕانەوەیان، ئەویش بە دابین کردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان لە ئاووئاوەڕۆ و کارەبا و قوتابخانە و خەستەخانە و ئەوانی تر. لەبەر نزیکی هەندێک لە دێهاتەکان لە یەکەوە [لە ڕووی هەڵکەوتەی جیۆگرافیاییانەوە مەبەستە] ناتوانرێت هەموو خزمەتگوزارییەکان بگەیەنرێتە هەموو دێهاتەکان، لەبە ئەوە پێویستە حکومەت بیر لە لێکدانی دێهاتە نزیک لە یەکەکان بکاتەوە و بە پیی پێویست خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات.

لەڕوی تازەکردنەوەی خانووە داڕماوەکانیشەوە پێویستە حکومەت پلانی تایبەتی بۆ هەبێت. بەپیی هەندێک سەرچاوەی گومان لێکراو:

- شاری موصڵ بە 2.7 ملیۆن  ژمارەی دانیشتوانەوە، 450000 یەکەی نیشتەجێ بوونی هەیە،
- شاری هەولێر بە 1.4 ملیۆن  ژمارەی دانیشتوانەوە. 233333 یەکەی نیشتەجێ بوونی تێدایە،
- شاری سلێمانی بە 1.7 ملیۆن  ژمارەی دانیشتوانەوە، 283333 یەکەی نیشتەجێ بوونی تێدایە،
- شاری کەرکوک بە 900000  ژمارەی دانیشتوانەوە، نزیکەی 150000 یەکەی نیشتەجێ بوونی هەیە و
- شاری دهۆک بە 820000  ژمارەی دانیشتوانەوە، نزیکەی 136666 یەکەی نیشتەجێ بوونی هەیە.

IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

زۆربەی دانیشتوان لە ناو شارەکان دا ئەژین.
ئەم شیکاری یە وادەرئەخەن، کە هۆکاری گوونجاو بۆ نیشتەجێ بوون لە شارەکان دا نەڕەخساوە. زۆربەی خانووەکان داڕماون و زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکان کەم و کوڕن بۆ دانیشتوان لەبەر نەبوونی شوێنی گونجاو و شوێنی کلتووری.

زۆربەی ناوچەکان شوێنی نیشتەجێ بوونن. شوێنە خزمەتگوزارییەکان و دائیرە ڕەسمییەکان و ناوچە پیشەسازییەکان دوورن لە ناوچەی نیشتەجێ بوونەوە، یان ئەکەونە سەنتەری شارەکانەوە، کە هاوولاتی بە ئاسانی نایانگاتێ.

هەڵەی دروستکردن لە بیناکان دا، پێویستی چاککردنەوەیان زیاتر ئەسەلمێنێت، بۆ ئەوەی لەپڕ دانەڕمێن.
هەرچەندە نرخی تێچووی ئەم تازەکردنەوە و تەرمیماتی خانووانەش بە نزیکەی یەک لەسەر چواری نرخی تێچووی تازە دروستکردنیان ئەخەملێنرێت، بەڵام ئەگەر ڕەچاو بکرێت کە تا ساڵی 2015 ژمارەی دانیشتوانی کوردوستان بە نزیکەی 25% زیاد ئەکات، ئەبێت حکومەت پلانی هەبێت، نەک تەنها بۆ دروستکردنی خانووی تازە، بەڵکوو بۆ مانەوە و تەرمیم کردنی ئەو خانوانەش کە لە ئێستادا دەمێکە دروست کراون.
ئەوەش بە گرنگی دان ئەبێت بە تازەکردنەوە و تەرمیم کردنی سەقف و واجیهە و پەنجەرە و دەرگای خانووەکان.

بۆ تازەکردنەوەش ناتوانرێت لەبابەت ڕاگری مەوادی بەکارهاتوو لە بیناکاندا زانیارییەکی ئەوتۆ بدرێت، جگە لە تەخمین کردن نەبێت بە چاو، چوونکە لە بابەتیانەوە بە دەگمەن نووسراو و نەخشەکانیان تاکو ئەمڕۆ لەبەر دەستدا ماون. بەڵام ئەتوانرێت بووترێت، کە خانووەکان کەم و کووڕییەکی زۆریان لە ڕووکەش و جۆرو مەوادی بەکارهاتوو تیایاندا، هەیە.

بەهۆی لابردنی ژەنگی پارچە ئاسنینەکان و چارەسەرکردنی شێ لە پارچە سەرەکییەکانی خانووەکان دا لە سەقف و دەرگا و پەنجەرە [کە بە ڕوونی دیار و بەرچاون]، ئەتوانرێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خانووەکان لە داڕماندن بپارێزرێن.

**زانیاری زیاتر لەسەر دروستکردنی سەقفی خانوو لە کوردوستان:**
سەقفی سەربان زیاتر بۆ نووستن لە هاوین دا بەکارئەهێنرێت. ئەستوورییان نزیکەی 15 سانتیمەترە و لە چیمەنتۆی شیشدار کۆنکرێت ئەکرێن. هەندێک جار ڕووکەشی دەرەوەیان کاشی ڕێژ ئەکرێت و قەراغەکانیان بە سیاجی 100 سانتیمەتری ئەتەنرێن. جێگای ئاوەڕۆ لە سەقفەکان دا و بۆری ئاو هاتنە خوارەوە تیایاندا دروست ناکرێن، تەنها کونێکی پچووک نەبێت کە بەهۆیەوە ئاو ڕاپێچی خوارەوە ئەکریت.
سەقف و واجیهەی خانوو عەزل ناکرێن و تەنها لە یەک چین پێک دێن. پەنجەرە و چوارچێوەکەی لە ئاسنی پان دروست ئەکرێن، کە لە کشان و هاتنەوەیەک ناپارێزرێن. شووشەی پەنجەرە یەک تاکی یەو زستانان خانووەکان بە نەوت و کارەبا گەرم ئەکرێن.
لەبەر کەم وکورتی هۆکاری جێبەجێکردنی سەقف و نەبوونی ئاوەڕۆی پێویست و کەمی Concrete cover ەوە درز ئەکەوێتە سەقفەکانەوە، بەهۆی ئاو تێچوونەوە شیشی ناو سەقفەکان ژەنگ پێئەهێنێ و ڕووکەشی ناوەوەی سەقفەکان تەڕ ئەکات و ئەبێت بەهۆی دروست بوونی کەڕوو لەسەر ڕووکەشی دیوار و سەقفەکان. هەمان دیاردەش لە دەوروبەری چوارچێوەی پەنجەرەکان ڕووئەدات.

لێرەدا دەرئەکەوێت کە سەقفەکان بەهۆی نەپەستانیانەوە بە ئامێری Compactor درزی پچووکیان تێئەکەوێت لە کاتی کۆنکرێت کردنیاندا. ئەمەش ئەبیتە هۆی چوونە ناوەوەی ئاو تیایان دا و ژەنگ پێهەڵهێنانی شیشی ناو سەقفەکان. هۆکارەکانی ئەم ڕوودانەش ئەگەڕێتەوە بۆ:

- جۆری خراپی بەرهەمهێنانی سەقفە کۆنکرێتییەکە،
- کاریگەری ئاووهەوا و تیشکی خۆر،
- نەبوونی صیانەی پێویستی سەقفەکان لە کاتی پێویست دا،
- چارەسەر نەکردنی ئاوەڕۆی سەر سەقف بەشێوەیەکی پێویست و گوونجاو.

لە کاتی صیانە کردنی سەقف دا ئەتوانرێت بڕیار بدرێت، ئایا صیانە کردن هۆکاری ڕاگریی سەقفەکە دابین ئەکات یان تەرمیم کردنی تەواوی سەقفەکە پێویستە لەگەڵ تازەکردنەوەی ئاوەڕۆی سەر سەقفەکە و چینەکانی تری لە قیر و کاشی و ئەوانی تر، چوونکە صیانە کردن بە بوونی زیانەکانەوە بەندە. تا زیانەکان زیاتر بن، پارەی تێچووی صیانەکردنەکەش زیاتر ئەبێت.
هەروەها ئەبێت ئاوەڕۆی ئاسۆیی و ئەستوونی بۆ سەقفەکە تازە بکرێنەوە ئەگەر بوونیان هەبێت، ئەگینا ئەبیت بۆیان دروست بکرێت، ئەگەر بوونیان نەبێت.
لەکاتی قیر کردن و دانانی چینی دژ بە ئاو لە سەر سەقفەکە، ئەبێت مەتریاڵ و کوالیتی گوونجاو بەکاربهێنریت، هەم لە ڕووی بەرگری کردن لە کشان بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمییەوە و هەم لە ڕووی بەرگری کردنی هێزی میکانیکییەوە کە ئەکەوێتە سەری.

پلەی گەرمی لە باکووری عێراق لە سەرووی 40 پلەی سەدی دایە لە هاوین دا، ئەمەش وا پێویست ئەکات کە لە ناو چینی دژ بە ئاودا واتە Bitumen Layer تەبەقەیەک شیش دابنرێت و لەسەر ئەم چینەوە نایلۆنی ئەستوور Foil Layer دابنرێت، ئینجا 5 سانتیمەتر چیمەنتۆی بێ شیش بخرێتە سەری و کاشی ڕێژ بکرێت. بەم شێوەیە سەقفەکە لە چوونە ناوەوەی ئاو ئەپارێزرێت، ئەگەر درزی مووتاڵیشی تێدا درووست ببێت.

زیاتر هەڵەی بینا و خانووەکان لە کوردوستان لە واجیهەکانیایەتی. هەڵبەت سەقف و واجیهە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە مانەوەیان دا بەشێوەیەکی قایم و مەحکەم. دیوارە ڕاگرەکان زیاتر لە یەک چینی ستوونی پێک هاتوون. کە لە دیوی دەرەوەیان لەبغ و لە دیوی ناوەوەیان گەچ کاری ئەکرێن.
زیانەکانی واجیهەش زیاتر لەسەر چینە لەبغی یەکە دەرئەکەوێت و لە دەوروبەری Gap ەکان دا ڕوو ئەدەن. هەڵەکان زیاتر هەڵەی تەکنیکی و هەڵەی پراکتیکین.
مەوادی لەبغ گیراوەیەکی باش حازرکراو نییە و کۆنترۆڵەی لەسەر نییە، توانای کشانی بە هۆی گەرماییەوە لە توانای کشانی شیشی ئاسن زۆر کەمترە، لەبەر ئەوە ناگوونجێت لەژێر لەبغەکەدا چینێک شیش دابنریت. ئەم دیاردەیە لە کوردوستان بەشێوەیەکی هەڵە و بە بەردەوامی بەکارئەهێنرێت. بەهۆشیەوە درزێکی زۆر لەسەر ڕووکەشی دیوارەکان درووست ئەبن.

شێ کردنی چواردەوری پەنجەرە بەهۆی چەسپ نەکردنی چوارچێوەکەیەتی لە دیوارەکان دا و نەئاخنینی بۆشاییەکانی نێوان پەنجەرەو دیوارەکانە بە مەوادی عازل.
چارەسەرێکی گوونجاو و کاریگەر بۆ ئەم دیاردەیە، تێگرتنی دیوارەکانی دەرەوەی خانووەکانە بە ماددەی ستایرۆپۆر Styropor بەپیی ستاندەردی جیهانی، کە بەهۆیەوە نەک تەنها کشانی دیوارەکان بەهۆی پلەی گەرماوە چارەسەر ئەکرێت، بەڵکوو پارێزگاری دیوارەکانیش لە چوونە ناوەوەی ئاوی باراناویش بەهۆیەوە چارەسەر ئەکرێت و زیانەکانی واجیهەش ئەشارڕێنەوە.
تا ئێستا لەبەر نەبوونی شارەزایی پێویست لەم بوارەدا، ئەم تەکنەلۆجیایە لە کوردوستان و باکووری عێراق جێبەجێ نەکراوە و ئەگەر لە داهاتوودا بکرێت، ئەوا سوودێکی گەورە بە خانووەکان و مانەوەیان بەشێوەیەکی ڕاگر ئەگەیەنیت.

**چۆنێتی بەکارهێنانی کاری عەزلکردنەکەش بەم شێوەیە ئەبیت:**
ماددەی ستایرۆپۆرەکە لە دیوی دەرەوەی دیوارەکە ئەدرێت، ئەگەر دیوارە ڕاگرەکە لە یەک چین پێکهاتبوو، ئەگەر لە دوو چین پێکهاتبوو Cavity wall ئەوا لە نێوان دوو چینەکەدا دائەنرێت و بە دیوارە ڕاگرەکەوە قایم ئەکرێت.





بەم شێوەیە هەموو ڕووکەشی دیوارەکە بە
ستایرۆپۆرەکە ئەتەنرێت و بەهۆشیەوە توانای خەزن کردنی گەرمایی لە دیوارەکەدا بەرز ئەبێتەوە. ڕووکەشی ستایرۆپۆرەکەش وەک دیواری ئاسایی دوای دانانی چینێک Prime Coat لەبغ ئەکرێت.





